# ئەگەر یەکێکتان چووە ژوورەوە بۆ نێو مزگەوت، با سەلام لەسەر پێغەمبەر بدات، پاشان بڵێت: (اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ)

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان چووە ژوورەوە بۆ نێو مزگەوت، با سەلام لەسەر پێغەمبەر بدات، پاشان بڵێت: (اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ) واتە: (خودایە، دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم بۆ بکەرەوە)، و کاتێکیش هاتە دەرەوە (لە مزگەوت)، با سەلام لەسەر پێغەمبەر بدات، پاشان بڵێت: (اللَّهُمَّ اعْصِمْنِي مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ) واتە: (خودایە، بمپارێزە لە شەیتانی نەفرەتلێکراو)».

[حەسەن - باش)] [رواه ابن ماجه والحاكم)]

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕێنموێنی موسڵمانی کردووە بەوەی کاتێك دەیەوێت بچێتە نێو مزگەوتەوە؛ سەلام لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بدات بە ووتنی: (اللهم صل وسلم على محمد) واتە: (خودایە وەسف وستایشی موحەمەد وبنەماڵە وشوێنکەوتووانی بکە -صلى الله عليه وسلم-)، پاشان بڵێت: (اللهم افتح لي أبواب رحمتك) واتە: (خودایە، دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم بۆ بکەرەوە). و کاتێک کە دەیەوێت بێتە دەرەوە، با سەلام لەسەر پێغەمبەر بدات -صلى الله عليه وسلم-، و بڵێت: (اللهم اعصمني من الشيطان الرجيم) واتە: (خودایە، بمپارێزە لە شەیتانی نەفرەتلێکراو)، و لە گێڕانەوەی (حاکم)دا هاتووە: با بڵێت: (اللهم أجرني من الشيطان الرجيم) واتە: (خودایە، پەنام بدە لە شەیتانی نەفرەتلێکراو)).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65418

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee